# یادی ڕاپەڕین لە کوردستانێکی وێراندا ، لە نێوان جەماوەرێکی بێئاگا و دەسەڵاتێکی گومڕادا

هێمن ڕەئووف .. سویسرا www.hemnrauf.kurdblogger.com



ئەو بەهارەی ڕاپەڕینی تێدا کرا جەماوەر لەگەڵ سروشتە جوانەکەی کوردستاندا پێکەوە ڕاپەڕین . چۆن لە دەرفەتێکدا سەوزە گیا لەو ئەرزە ڕەقە سەر دەردێنێ ، ئاوهایش دەنگ و ڕەنگ و هەیکەلی جەماوەری کوردستان لەباشور ، لە کۆنکرێتی بەعسیزمەوە سەری دەر هێنا و دیواری ترس و بنمیچی ستەم تێکوپێک شکا . چۆن پەپولە و باڵندەکان باخو بێستانەکان دەڕازێننەوە ، منداڵانیش سروودی پێشمەرگەیان دەووتەوە و گەنجان بە عەشق لەو بەهارەدا گوڵ وگوڵزاری ئەو باخچەیە بوون کە ناوی کوردستان بوو.

وەک چۆن جەماوەر لە دەستی دڕندە ترین ڕژێمی سەرزەوی ڕزگاری بوو ، پێشمەرگەیش لە سەختی زستانێکی پڕ لەسەرما و لە نامۆیی ناو چۆڵەوانییەکانی نیشتیمانەوە جارێکی تر بە ئاوەدانی و کەسو کاریان شاد بوونەوە . ئیتر لەماوەیەکی زۆر کورتدا چێژی ئەو ئازادییە تێکەڵ بە هەناسە وخوێنی یەکە یەکەی تاکەکانی کۆمەڵگا دەبوو ، کوردبوون و نەتەوەیی بوون تێکەڵی سروشتی تاکەکان  بوویەوە . ڕاپەڕین واقیعێکی تری هێنایە کایەوە، دەسەلآت کەوتە دەست سەرانی چەند حیزبێکی کوردی  !!  بەلآم نەتوانرا چێژی ئەو ئازادییە نەشێوێنرێ و دەنگی جەماوەر و هەیکەلی حەقیقەت لەدەسەلآتدا بچەسپێنرێت .

هەر ئەو پارت و تاکە کەسانەی لەشاخدا درێژەیان بە دووبەرەکی دەدا و پێشمەرگە بەئەمەک و  بەریئەکانیان بەگژ یەکدا دەکرد ، جارێکی تر جڵەوی دەسەڵاتێکی هەستیاریان گرتەوە دەست و بە نارێکیی خۆیان نەیانتوانی لەرێرەوەکانی ئەو تاریکستانەی بەعسییەت جەماوەر قوتار بکەن ، تا گەیشتە ئەو حاڵەتەی شەڕی براکوژییان هەڵگیرسانەوە و تازەپێگەیشتوانیان لەسەر ئەم ڕێگای دووبەرەکییە گۆشکردکە ئێستا بەدەستییەوە دەناڵێنین .

ئەوا ١٦ ساڵە بەسەر ئەو ئازادبوونەدا تێدەپەڕێ . ئەوەی ئێمە لەو ڕاپەڕینە دەیچنینەوە ، کوردستانێکی گەندەڵ و بێکارەبا و بێ ئاو و بێخزمەتگوزاریی و بێ بێ بێ هەموو شتێکی باش و بەرچاوە . مێژوویەک لە شەڕی ناوخۆ و ئاوارە بوونی زۆرێک لە لاوان و خەڵکانی بێچارە بۆ هەندەران و گیرسانەوەیان لە تاراوگەدا . کوردستانێک دەوڵەمەند بە هەژاران و بێدەرەتانان، پڕ بە لێپرسراوی زەنگین و دز . بێهیوابوونی کەسوکاری شەهیدان و خەڵکانی ڕەسەن و بە ئەمەک ...  ئەمانە مشتێک لە خەرمانی ئەو ڕاستییانەیە کە ئێستا خەڵکی کوردستانی پێوە گیرۆدە بووە و ئەو سلبیاتانەن کە ئەم تەمەنەی دوای ڕاپەڕین لە مێژووداںۆ خۆیی تۆمار کردووە .

ئەو زیانە گەورەیەی دەسەڵات لە میللەت و تاکەکانی کۆمەڵگای دا ، لێکێشانەوە و داتاشینی ئەو ئینتیما نەتەوەییو دڵسۆزییە بێسنورە بوو لە ناخی تاکی کورددا هەبوو . وەک سەرەتا ئاماژەم پێکرد چێژی ئازادییەکە لە ماوەیەکی زۆر

کورتدا تێکەڵ بە هزری خەڵک بوو ،خەڵکی بە تێکڕا خۆیان بە پێشمەرگە دەزانی هەموو کەس خۆی بە خاوەنی هەڵەبجەو خۆی بە کەسوکاری ئەنفال کراو و خۆیان بە برا و دایک و باوک کەسوکاری شەهیدان دەزانی .

ئێستا لە دوای ١٦ ساڵ ، بەرگێکی ماددیان کرد بە بەری خەڵکدا ، میللەتیان فێر کرد بەبێ ئەو پارەو ماڵەی لە حکومەت و حیزبەکانەوە دەستیان دەکەوێت ژیانیان گیر دەخوات ودەچەقێت و هیچ ئاراستەیەکی ناگۆردرێت . خاکی میللەتێکیان لەسەر حیزب تاپۆ کردو ئینتیما و گیانی شۆڕشگێڕانەی خەڵکیان پێکرییەوە و سوتاندیان . چەندان کەس بە هۆی بەرژەوەندی ماددییەوە تەسلیمی شورای حیزبەکان بوون و چاوپۆشی کرا لە هەموو ئەو گەندەڵییەی لەماوەی ڕابوردوو دا هەیکەلی حکومەتەکەیانی ڕزاند . ئیتر میللەت لە شاباشی ئەو دەستکەوتەی لە حیزب و حکومەتەکەی وەردەگرێت دەبێت گوێڕایەڵانە هیچ نایەکسانییەک نەیان جوڵێنێت. لە دەنگدانو بۆنەکانیاندا پێشەڕەوییان پێدەکەن و سەرچۆپییان دەدەنە دەست.

وە هەرچی نارەزایی دەربڕین و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینێک هەیە بە گێرەشێوێنیی و دەستی دەرەوەو خیانەت مەزندە دەکرێت. بەرەنگار نەبوونەوەی تێکڕای جەماوەری کوردستان لەو دزی و گەندەڵییەی لەحکومەتدا هەیە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ ..

ئەمەیە ئەو تاوانەی دەسەڵات بەرامبەر بە جەماوەر کردی ئەمە خنکاندنی دەنگی خەڵک بوو ئەمەیە لێداتاشینی ئەو هەستو سۆزە نەتەوەییو ئەخلاقیانەی خەڵک بەرامبەر بیروباوەڕو کێشە ڕەواکانی کردبوویانە ئامانج . گومڕایی دەسەڵات لێرەدایە کە خۆیانن خاوەنی ئەم وەزعە نائارامە و دەسەڵات وایکرد بە پارە و ئەرزەو پلەو پایە و دامەزراندن لە دەزگا حکومییەکاندا ئینتیمای خەڵک بکڕن و نەزانی و خەوێکی قوڵ لە بێئاگاییدا بەخەڵک بفرۆشنەوە . کە ئێستا بێمنەتییان گەیشتۆتە ئاستێک سەرۆ قادر ی بەرپرسی ڕاگەیاندنی پدک میللەت بەسەگ مەزندە دەکات و کەناڵی کوردساتی ڕاگەیاندنی ینک مێژوویەک دەشێوێنێت و دەروازەی ڕاپەڕین لە ڕانییە دەسێنێتەوە و دەیداتە قەڵادزێ .

ئەوەی خۆشبەختییە لێرەدا هێشتا ترووسکاییەک ماوە بۆ ڕێگا گرتن لەم شێواندن و بەلێڵیدا بردنە وەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستانەوە هەستی پێدەکرێت و دەبینرێت . بەڵام ئاستی ناهۆشیاریی و بێئاگایی جەماوەر لە وێستگەیەکی ئەوەندە ناهامواردا گیرییخواردووە کە هێشتا زۆر هەوڵو توانامان دەوێت لەم تاریکستانە بێینە دەرەوە . ئەگەر نمونەیەکی بچوک بهێنمەوە لەوانەیە هەندێکەس دڵگران بکات بەڵام حەقیقەت هەرچەند تاڵیش بێت هەر حەقیقەتەو دەبێ بووترێ .
مام جەلال بەهۆی نەخۆشییەکی خودایی و دەردێکی پیرییەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانە بەناوبانگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا خزمەت دەکرێتو پزیشکە ئەمریکییەکان لە ڕێگای سەتەلایتەوە بەووردیی چاودێری دەکەن ، کەچی جەماوەری یەکێتی کە خۆیان بە عەلمانی و سوسیال دیموکرات دەزانن مەڕو ماڵاتێکی بێئەندازەیان کردە خێر بۆ چاکبوونەوەی سەرۆک مام جەلال و دنیایان شڵەژان و بە ڕێپێوان و نوواندنی وەفایان بۆ ئەو زاتە هەمووڵایەکیان تێگەیاند .... لێ ڕێبەری زیاتر لە بیست ملیۆن کوردی باکور و پارچەکانی تری کوردستان لە زیندانێکی تاکەکەسیدا و لە ژێر دەستی تورکە ڕەگەز پەرستەکان بە بەرچاوی جیهانەوە دەرمان خوارد دەکرێت و بە تەدریجی لەناو دەبرێتو ئەم ستەمە گەورە و نا شەرعییەی لێدەکرێت، کەچی نەبینرا لە شارێک یان لەشارۆچکەیەک یان لە گوندێکی ئازادی کوردستانداهاو سۆز و هاو خەمییەک بۆ ئەم لەباربردنی ڕاستییە دەر ببڕدرێت ..
ئەمەیە یادی ڕاپەڕین لە کوردستانێکی وێراندا و لە نێوان گومڕایی دەسەڵات و بێئاگایی جەماوەردا .